# دەروازە

لێرەدا دەمەوێت چەند بابەتێکی گرنگ باس بکەم پێش ئەوەی فەتوای زانایان دەربارەی حزبایەتی نەقڵ بکەم ، ئەو بابەتانەش بریتین لە :

یەکەم : بەڵگەکانی قورئان و سوننە سەبارەت بە حەرامیەتی حزبایەتی و تەفرەقە.

دووەم : مەنهەجی حزبیەکان لەوەرگرتنی بەڵگە شەرعیەکاندا.

سێهەم : مەبەست چی یە لەجەماعەت .

چوارەم : بەناوبانگترین حزب و گروپەکانی سەردەم.

## بەڵگەكانی قورئان و سوننە سەبارەت بە حەرامیەتی حزبایەتی و تەفرەقە

### ١- لە قورئانی پیرۆزدا:

**بەڵگەی یەكەم:**

﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (٣٢)﴾ الروم: ٣١ – ٣٢

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە موسڵمانان ئاگادار دەكاتەوە لەوەی كە نەكەن هەنگاو و شوێن پێی موشریكەكان هەڵگرن بەوەی لە دینە پاكەكەی خۆیان كە ئیسلامە لابدەن و ببن بە چەند حزب و گروپێك و تەفرەقەیان تێ بكەوێت ، پاشان هەریەكەیان بە بەرنامەكەی خۆی دڵخۆش بێت و خۆی بەحەق و بەرامبەر بە ناحەق بزانێت ، بەمەش موسڵمانان پەرتەوازە بكرێن بۆ چەند گروپ و حزبێكی جیاواز و دوور لەیەكتر.

**تەفسیری زانایان بۆ ئایەتەكە:**

- شێخ "ناصر السعدي"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

(( **وفي هذا تحذير للمسلمين من تشتتهم وتفرقهم فرقا كل فريق يتعصب لما معه من حق وباطل**، فيكونون مشابهين بذلك للمشركين في التفرق بل الدين واحد والرسول ﷺ واحد والإله واحد.

وأكثر الأمور الدينية وقع فيها الإجماع بين العلماء والأئمة، والاخوة الإيمانية قد عقدها اللّه وربطها أتم ربط، فما بال ذلك كله يُلْغَى ويُبْنَى التفرق والشقاق بين المسلمين على مسائل خفية أو فروع خلافية يضلل بها بعضهم بعضا، ويتميز بها بعضهم عن بعض؟

فهل هذا إلا من أكبر نزغات الشيطان وأعظم مقاصده التي كاد بها للمسلمين؟
وهل السعي في جمع كلمتهم وإزالة ما بينهم من الشقاق المبني على ذلك الأصل الباطل، إلا من أفضل الجهاد في سبيل اللّه وأفضل الأعمال المقربة إلى اللّه؟))[1]

واتـە: (( **لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا ئاگادارکردنەوەیـەك هەیـە بـۆ موسـڵمانان لـە تەفرەقە و دابەشبوونیان ، بەشێوەیەك هەر كۆمەڵێك دەمارگیری هـەبێت بـۆ ئـەو حەق و باتڵـەی کـە لای خۆیـەتی**، بەمـەش موسـڵمانان هاوشـێوەی موشـریكەكان دەبن لە تەفرەقەدا، چونكە دین یەك دینە، وە پێغەمبەرﷺ یەك پێغەمبـەرە، وە خودا یەك خودایە.

وە زۆرێـك لـە كـارە ئاینیـەكان ئیجمـاعی لەسـەرە لـەنێوان زانایـان و پێـشەوایانی ئیسلامدا، وە خودای گەورە برایەتی ئیمانی لەنێوان موسڵماناندا جێگیری كـردووە بە جوانترین شێوە، بەڵام كەسانێك هەیە گوێ بەمە نادەن و ئەم برایەتی یە پـشت گـوێ دەخـەن، وە تەفرەقـە و دووبـەرەكی لـەنێوان موسـڵماناندا دروسـت دەكـەن لەسەر بنەمای چەند بابەتێكی وورد یـان بابـەتی خـیلاف، بەشـێوەیەك هەنـدێكیان هەندێكی تریان گومڕا دەكەن ، وە هەندێكیان لە هەندێكی تریان جیا دەكەنەوە.
ئایا ئەم كارە گەورەترین فێڵ و مەرام و مەبەستی شـەیتان نییـە کـە دەیـەوێت بـە موسڵمانانی بكات؟
وە ئایا هەوڵدان بۆ یەكخستنی موسـڵمان و لابردنـی نـاكۆكی نێوانیـان کـە لەسـەر بنەمایەكی باتڵ بونیات نراوە، گەورەترین جیهاد و تێكۆشـان نییـە لـە پێنـاو خـوا دا؟، وە باشترین كردەوە نییە كە نزیكەرەوە بێت لە خودای گەورە؟)).

- ئیمامی "ابن جرير الطبري"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:

[1] تفسير السعدي – (ج ١ / ص ٦٤١).

(( وقوله:"**مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وكانُوا شِيَعا**" يقول: ولا تكونوا من المشركين الذين بدّلوا دينهم، وخالفوه ففارقوه، "**وكانوا شِيَعًا**"يقول: **وكانوا أحزابا فرقا كاليهود والنصارى**))[1].

واتە: ((لە موشریکەکان مەبەن، ئەوانەی کە ئایینەکەی خۆیان هەڵگێڕایەوە پاشان سەرپێچی یان کرد و تەفرەقەیان تێ کەوت، **وە بوونە چەند حزب و فیرقەیەك وەکو جولەکە و گاور**))

- **ئیمامی** "محمد بن علي الشوكاني" **لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:**

((أي لا تكونوا من الذين تفرقوا فرقا في الدين يشايع بعضهم بعضا من أهل البدع والأهواء))[2].

**((واتە: لەوانە مەبن کە تەفرەقەیان نایەوە لە ئاییندا ، وە بوونە چەند گروپ و حزبێك ، لە ئەهلی بیدەع و هەواو ئارەزوو)).**

- **ئیمامی** "ابن كثير"(رحمه الله) **لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:**

((فأهل الأديان قبلنا اختلفوا فيما بينهم على آراء وملَل باطلة، وكل فرقة منهم تزعم أنهم على شيء...

**وهذه الأمة أيضًا اختلفوا فيما بينهم على نحل كلها ضلالة إلا واحدة، وهم أهل السنة والجماعة**، المتمسكون بكتاب الله وسنة رسول الله صلى الله عليه وسلم، وبما كان عليه الصدر الأول من الصحابة والتابعين، وأئمة المسلمين في قديم الدهر

---

(١) تفسير الطبري - (ج ٢١ / ص ٤٢).

(٢) فتح القدير - (ج ٤ / ص ٢٢٥).

وحديثه، كما رواه الحاكم في مستدركه أنه سئل عليه السلام عن الفرقة الناجية منهم، فقال: ما أنا عليه [اليوم] وأصحابي))[1].

واتە: ((ئوممەت و میللەتانی پێش ئێمە جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لەسەر بیروبۆچوون و بیروباوەڕی باتڵ ، وە هەر گروپێکیان وای دەزانی خۆی لەسەر حەقە.

وە هەروەها ئەم ئوممەتەش جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە کە هەمووی گومڕابوونە تەنها یەك دانەیان نەبێت ، ئەوانەش ئەهلی سوننە و جەماعەن؛ ئەوانەی کە دەست گرتوون بە پەرتووکەکەی خودای گەورە و سوننەتی پێغەمبەری خوداوە ﷺ ، وە بەوەی کە موسڵمانانی چەرخی یەکەم لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان ، وە لە پێشەوایانی ئیسلام لە کۆن و تازەدا لەسەری بوونە، وەك ئیمامی حاکم لە پەرتووکی"المستدرك"دا ریوایەتی کردووە، کەوا پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ سەبارەت بە کۆمەڵی رزگاربوو لە نێو ئەو گروپانەدا، فەرمووی : ئەوانەن کە لەسەر ئەو رێبازەن کە ئەمڕۆ من و هاوەڵانی لەسەرە)).

---

[1] تفسير القرآن العظيم لابن كثير - (ج٣/ ص٤٣٤).

## بەڵگەی دووەم:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩ ﴾ الأنعام: ١٥٩

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە پێغەمبەری خوداﷺ ئاگادار دەکاتەوە لەوەی خۆی بەدوور بگرێت لەوانەی دینی خودایان پارچە پارچە کردووە( کە یەهود و نەصارایە) ، وە ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵیان نەبێت، چونکە یەهود و نەصارا دینی خودایان هەڵگێڕایەوە و گۆڕییان، پاشان خۆیان بوونە چەند گروپ و حزبێك و دژایەتی یەکتریان دەکرد.

وە ئەمەش هەڕەشەیەکە بۆ ئوممەتی پێغەمبەری خودا ﷺ لەوەی کە نەکەن وەکو یەهود و نەصارا تەفرەقەیان تێ بکەوێت، پاشان بەهۆی ئەو کارەوە تووشی سزای خودای گەورە ببن.

## تەفسیری زانایان بۆ ئایەتەکە:

- ئیمامی "ابن كثير"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

((**والظاهر أن الآية عامة في كل من فارق دين الله وكان مخالفًا له**، فإن الله بعث رسوله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله، وشرعه واحد لا اختلاف فيه ولا افتراق، فمن اختلف فيه { وَكَانُوا شِيَعًا } أي: **فرقًا كأهل الملل والنحل -وهي الأهواء والضلالات -فالله قد برأ رسوله مما هم فيه**. وهذه الآية كقوله تعالى: ﴿ ۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ ﴾الشورى: ١٣ ، وفي الحديث: "نحن معاشر الأنبياء أولاد عَلات، ديننا واحد".

فهذا هو الصراط المستقيم، وهو ما جاءت به الرسل، من عبادة الله وحده لا شريك له، والتمسك بشريعة الرسول المتأخر، وما خالف ذلك فضلالات وجهالات وآراء وأهواء، الرسل بُرآء منها، كما قال: { لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍ }))[1].

واتە: ((ڕوواڵەتی ئایەتەکە بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە تەفرەقەیان کردووەتە نێو ئاینی خوداوە و سەرپێچی دینی خودایان کردووە، چونکە خودای گەورە پێغەمبەرەکەی ﷺ ناردووە بە هیدایەت و ئاینی ڕاستی بۆ ئەوەی ئاینەکەی خۆی سەربخات بەسەر هەموو ئاینەکانی تردا، وە شەریعەتی خودا یەك شەریعەتە بەبێ جیاوازی و تەفرەقە، **وە هەرکەسێك جیاوازی و تەفرەقە دروست بکات وەك میللەتانی تر، ئەوە خودای گەورە پێغەمبەرەکەی خۆی لێ بەری کردووە لەوەی ئەوان دەیکەن لە تەفرەقە و دابەشبوون.**

وە ئەم ئایەتەش وەکو ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ﴾الشورى: ١٣ وە فەرموودەی: "نحن معاشر الأنبياء أولاد عَلات، ديننا واحد"

ئەمەش ڕێگای ڕاستە؛ ئەوەی کە پێغەمبەران علیهم السلام هێناویانە؛ لە پەرستنی خودا بەتاك و تەنیا و بێ شەریکی، وە دەست گرتن بە ئاینی کۆتا پێغەمبەرەوە ﷺ، وە هەر شتێکیش پێچەوانەی ئەو بەرنامەیە بێت، ئەوە گومڕایی و نەفامی و بیروڕا و هەواو ئارەزووە، وە پێغەمبەرانیش لێ بەرین وەکو خودای گەورە "سەبارەت بە پێغەمبەری خودا ﷺ" فەرمووی: لە ئەوان و لەگەڵ ئەوان نیت لە هیچ شتێکدا)).

- "أبو حيان الأندلسي"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

[1] تفسير ابن كثير - (ج٢/ ص١٩٧).

((لما ذكر تعالى أن صراطه مستقيم ونهى عن اتباع السبل وذكر موسى عليه السلام وما أنزل عليه وذكر القرآن وأمر باتباعه وذكر ما ينتظر الكفار مما هو كائن بهم ، انتقل إلى ذكر من اتبع السبل فتفرّقت به عن سبيل الله **لينبه المؤمنين على الائتلاف على الدين القويم ، ولئلا يختلفوا كما اختلف من قبلهم من الأمم بعد أن كانوا متفقين على الشرائع التي بعث أنبياؤهم بها**....

افتراق النصارى إلى ملكية ويعقوبية ونسطورية وتشعبوا إلى اثنين وسبعين فرقة وافتراق اليهود إلى موسوية وهارونية وداودية وسامرية وتشعبوا إلى إحدى وسبعين فرقة ، وافتراق هذه الأمة إلى ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا من كان على ما عليه الرسول وأصحابه))[1].

واتە : ((کاتێك خودای گەورە روونی کردەوە کە ڕێگاکەی ئەو ڕێگا ڕاستەکەیە، وە نەهی کرد لە شوێنکەوتنی ڕێچکە و ڕێبازەکانی تر، وە باسی موسای کرد عليه السلام و ئەوەی بۆی دابەزیوە، وە باسی قورئانی کرد و فەرمانی کرد بە شوێنکەوتنی ، وە باسی ئەوەی کرد کە کافران چاوەڕوانن لەوەی کە پێی دەگەن، پاشان چووە سەر باسکردنی ئەوانەی شوێنی ڕێچکەکان دەکەون، کە بەهۆی ئەم کارەیانەوە تەفرەقەیان تێ دەکەوێت و لادەدەن لە ڕێگای خودا، **ئەم باس کردنەش بۆ ئەوەیە کە ئیمانداران ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە دەبێت یەکگرتوو بن لەسەر ئاینی خودا، وە نەکەن جیاوازی و تەفرەقەیان تێ بکەوێت، وەکو چۆن ئوممەتانی پێش ئەوان جیاوازی و تەفرەقەیان تێ کەوت لە دوای ئەوەی کە یەك دەنگ بوون لەسەر شەریعەتەکان کە خودای گەورە پێغەمبەرانی پێ ناردبوو**.......

گاورەکان دابەش بوون بۆ مەلەکیە و یەعقوبیە و نەستوریە، پاشان بوون بە حەفتا و دوو فیرقە ، وە جوولەکەش دابەش بوون بۆ موسەوییە و هارونیە و

[1] تفسير البحر المحيط (ج٤/ص٢٦٠).

داودیە و سامریە، وە ئەمانەش بوونە حەفتا و یەك فیرقە ، وە ئەم ئوممەتەش دابەش دەبێت بۆ حەفتا و سێ بەش ، کە هەموویان بۆ ناو ئاگرن تەنها ئەوانە نەبێت کە لەسەر ئەو ڕێبازەن کە پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی لەسەر بووە)).

- شێخ "عبدالرحمن بن ناصر السعدي"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

((يتوعد تعالى الذين فرقوا دينهم، أي: شتتوه وتفرقوا فيه، وكلٌّ أخذ لنفسه نصيبا من الأسماء التي لا تفيد الإنسان في دينه شيئا، كاليهودية والنصرانية والمجوسية. أو لا يكمل بها إيمانه، بأن يأخذ من الشريعة شيئا ويجعله دينه، ويدع مثله، أو ما هو أولى منه، كما هو حال أهل الفرقة من أهل البدع والضلال والمفرقين للأمة.

**ودلت الآية الكريمة أن الدين يأمر بالاجتماع والائتلاف، وينهى عن التفرق والاختلاف في أهل الدين، وفي سائر مسائله الأصولية والفروعية.**

وأمره أن يتبرأ ممن فرقوا دينهم فقال: ﴿لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾الأنعام: ١٥٩ أي لست منهم وليسوا منك، لأنهم خالفوك وعاندوك. ﴿إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ﴾ الأنعام: ١٥٩ يردون إليه فيجازيهم بأعمالهم ﴿ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿١٥٩﴾﴾ الأنعام: ١٥٩ ))[1] .

واتە: ((خودای بەرز و بڵند بەڵێنی تۆڵەسەندنەوەی داوە بەوانەی کە دینەکەیان پەرتەوازە کردووە و تەفرەقەیان دروست کردووە، وە هەریەکەیان ناوێکی بۆ خۆی داناوە کە ئەو ناوانە هیچ سوودێك بە مرۆڤ ناگەیەنێت لە دینەکەیدا، وەکو ناوی یەهودیەت و نەصارنیەت و مەجوسیەت، یان بەناو لێ نانێك کە ئیمان پێی کامڵ نابێت، بەشێوەیەك کە بەشێك لە شەریعەت وەرگرن و بیکەن بە دین و واز لەو بەشەکەی تری بهێنن ، یان واز لە بەشێکی گرنگتر بهێنن، کە ئەمەش حاڵی

---

[1] تفسير السعدي (ج١/ص٢٨٢).

ئـەهلی تەفرەقەیـە لـە ئـەهلی بیـدع و گـومڕایی و ئەوانـەی کـە ئوممـەتیان پەرتەوازەکردووە.

**وە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەلالەت دەکات لەسەر ئەوەی کە ئاینی ئیسلام فەرمان دەکات بە یەکبوون و یەکگرتن ، وە رێ گری دەکات لە تەفرەقە و جیاوازی لە نێوان موسڵماناندا، وە رێ گری دەکات لە تەفرەقە و ناکۆکی لە هەموو بابەتە ئوصوڵی و فەرعیەکاندا.**

وە خودای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرﷺ کە خۆی بەری بکات لەوانەی کە ئاینەکەیان پەرتەوازە کردووە، بۆیە دەفەرموێت: ﴿لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾الأنعام: ١٥٩ واتە تۆ لەوان نیت، وە ئەوانیش لەتۆ نین، چونکە ئەوان سەرپێچی و ململانێ لەگەڵ تۆ دا دەکەن ، پاشان ئەوان بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە ئەو کاتە پاداشتیان دەداتەوە بەپێی کردەوەکانیان)).

- شێخ "محمد رشید رضا"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

((وجملة القول في تفسير الجملة أن المراد بالذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا أهل الكتاب **والمراد بجعل الرسول صلى الله عليه وسلم بريئا منهم تحذير أمته من مثل فعلهم ، ليعلم أن من فعل فعلهم من هذه الأمة فالرسول صلى الله عليه وسلم بريء منهم بالأولى لا كما يزعم بعض الجاهلين المضلين من أن ما ورد في الكتاب والسنة من صفات الكفار وأفعالهم خاص بهم فإذا تلبس به المسلمون لا يكون حكمهم فيه كحكم من قبلهم ، كأن الله تبارك وتعالى أباح للمسلمين الشرك والكفر والنفاق والبدع والضلالات ، وضمن لهم جنته ورضوانه بمجرد انتسابهم إلى الإسلام ،أو إلى مذهب زيد أو عمرو من علماء الكلام ، وهذا هدم لكتاب الله تعالى وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم وسيرة المهتدين بهما من خير القرون .**

ثم بين تعالى عاقبة هؤلاء المفرقين لدينهم بقوله :

﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ الأنعام: ١٥٩ أي إنه عز وجل هو الذي يتولى وحده أمر جزائهم على مفارقة دينهم والتفريق له في الدنيا بما مضت به سنته في الاجتماع البشري من ضعف المتفرقين، وفشل المتنازعين، وتسلط الأقوياء عليهم ولبسهم شيعا يذيق بعضهم بأس بعض، بما تثيره عداوة التفرق بينهم من التقاتل والحروب))[1] .

واتە: ((کۆتا قسە لە تەفسیر کردنی ئەم ئایەتەدا ئەوەیە کە مەبەست بەوانەی ئاینەکەیان پەرتەوازە کردووە و بوونەتە چەند حیزب و گروپێکەوە؛ ئەهلی کیتابە، وە مەبەست لەوەی کە خودای گەورە پێغەمبەری ﷺ لێیان بەری کردووە ئەوەیە **کە ئاگاداری ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ بکاتەوە لە ئەنجامدانی هاوشێوەی کرداری ئەوان**" کە تەفرەقە و حزبایەتیە"، بۆ ئەوەی بزانن کەوا هەرکەسێك لەم ئوممەتەدا هاوشێوەی کرداری ئەوان ئەنجام بدات و تەفرەقە دروست بکات ، ئەوە پێغەمبەر ﷺ لێ ی بەرییە، نەوەکو وەك هەندێ نەزانی گومڕاکەر گومان دەبەن کە ئەوەی لە قورئان و سوننەدا هاتووە لە باس کردنی سیفات و کردەوەی کافران تایبەتە بە کافران خۆیانەوە ! !، وە ئەگەر موسڵمانان تووش بوون بەو سیفاتانە ئەوە حوکمیان حوکمی ئەوانەی پێش خۆیانیان نیە"کە یەهود و نەصارایە"

وەکو ئەوەی خودای بەرز و پیرۆز شیرك و کوفر و نیفاق و بیدعە و گومڕایی حەڵاڵ کردبێت بۆ موسڵمانان! !، وە بەهەشت و ڕازی بوونی خۆی بۆیان مسۆگەر کردبێت تەنها بەوەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام! ! ، یان خۆیان دەدەنە پاڵ مەزهەبی زەید و عەمر لە زانایانی ئەهلی کەلام! !، ئەمەش خۆی بۆ خۆی ڕووخاندن و لەناوبردنی قورئانەکەی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و سیرەی هیداتدراوەکانی باشترین چەرخەکانی ئیسلامە.

---

[1] تفسير المنار للشيخ محمد رشيد رضا (ج٨ / ص١٩١).

پاشان خودای گەورە پاشە ڕۆژی ئەوانەی کە تەفرەقەیان دروست کردووە لە دینەکەیاندا روون دەکاتەوە و دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ الأنعام: ١٥٩ واتە خودای ﷻ بەتەنها خۆی بەرپرسیاریێتی تۆڵەسەندنەوەی"لە قیامەتدا" هەیە لەوانەی کە دینەکەیان پەرتەوازە کردووە، وە لە دونیاشدا جیاوازی دەخاتە نێوانیانەوە لە جیاتی یەکبوونیان، وە لاوازی پەرتەوازکاران و دۆڕاندنی ناکۆکی کاران و زاڵبوونی بەهێزەکان بەسەریاندا دروست دەکات ، وە پەرتەوازەیان دەکات بۆ چەند گروپێك کە هەندێکیان بە هەندێکی تریان ئازار دەدات بە دروست کردنی دوژمنایەتی لەنێوانیاندا بە ڕێگەی شەڕ و کوشتار))

**بەڵگەی سێیەم:**

﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ (١٠٥) ﴾ آل عمران: ١٠٥

خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا موسڵمانان ئاگادار دەکاتەوە لەوەی نەکەن وەکو میللەتانی پێش خۆیان تەفرەقەیان تێ بکەوێت و جیاوازی بکەوێتە نێوانیانەوە، دوای ئەوەی دینی خودایان بۆ هات و بۆیان روون بوویەوە. پاشان خودای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە سزایەکی سەختیان بۆ هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا.

**تەفسیری زانایان بۆ ئایەتەکە:**

- **ئیمامی** "ابن جرير الطبري" **لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:**

((يعني بذلك جل ثناؤه:"ولا تكونوا"، يا معشر الذين آمنوا "كالذين تفرقوا" من أهل الكتاب"واختلفوا" في دين الله وأمره ونهيه "من بعد ما جاءهم البينات"، من حجج الله، فيما اختلفوا فيه، وعلموا الحق فيه فتعمدوا خلافه، وخالفوا أمرَ الله، ونقضوا عهده وميثاقه جراءة على الله"وأولئك لهم"، يعني: ولهؤلاء الذين تفرقوا،

واختلفوا من أهل الكتاب من بعد ما جاءهم "عذاب" من عند الله"عظيم"، **يقول جل ثناؤه: فلا تتفرقوا، يا معشر المؤمنين، في دينكم تفرُّق هؤلاء في دينهم، ولا تفعلوا فعلهم، وتستنوا في دينكم بسنتهم، فيكون لكم من عذاب الله العظيم مثل الذي لهم))**[1].

واتە: ((ئەی کۆمەڵی ئیمانداران وەکو ئەهلی کیتاب مەبن کە تەفرەقە و جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لە بواری ئاین و فەرمان و نەهی یەکانی خودای گەورەدا، دوای ئەوەی روونکردنەوەیان بۆ هات لە بەڵگەکانی خودای گەورە ، کە لەو بەڵگانەدا جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لەگەڵ ئەوەشدا حەقیان دەزانی، بەڵام بە ئەنقەست سەرپێچیان دەکرد، وە سەرپێچی فەرمانی خودایان کرد و بەڵێن و پەیمانەکەیان شکاند وەك چاو نەترسیەك بەرامبەر بە خودای گەورە.

وە ئەوانەی تەفرەقە و جیاوازییان تێ کەوت لە ئەهلی کیتاب دوای ئەوەی حەقیان بۆ روون بوویەوە ، ئەوانە سزایەکی سەختیان بۆ هەیە لە لایەن خودای گەورەوە.

خودای گەورە دەفەرموێت : ئەی کۆمەڵی ئیمانداران تەفرەقە و جیاوازیتان تێ نەکەوێت لە ئاینەکەتاندا، بەشێوەی تەفرەقە و جیاوازی ئەهلی کیتاب لە دینەکەیاندا ، وە هاوشێوەی کار و کرداری ئەوان ئەنجام مەدەن و رێبازی ئەوان هەڵمەگرن ، بەمەش تووشی سزای خودای گەورە ببن وەکو چۆن ئەوان تووشی بوون))

**هەروەها ئیمامی** "إبن جرير الطبري" **لە ئیبن عباسەوە دەیگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرموویەتی:** (( أمر الله -جل ثناؤه- المؤمنين بالجماعة، فنهاهم عن الإختلاف والفرقة، وأخبرهم انما هلك من كان قبلهم بالمراء والخصومات في دين الله)).

[1] تفسير الطبري (ج٤/ص٣٩).

واتە: (( خودای گەورە فەرمانی کردووە بە ئیمانداران کە جەماعەت و یەك کۆمەڵ بن، لەگەڵ ئەوەشدا تەفرەقە و جیاوازی لێ قەدەغەکردوون، وە ئاگاداری کردوون کەوا ئوممەتانی پێش ئەوان لە ناوچوون بە هۆی دەمەقاڵە و ناکۆکی نێوانیانەوە))

- ئیمامی "ابن كثير"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

((ينهى تبارك وتعالى هذه الأمة أن يكونوا كالأمم الماضين في إفتراقهم وإختلافهم وتركهم الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر مع قيام الحجة عليهم))[1].

واتە: (( خودای گەورە قەدەغەی کردووە کە ئەم ئوممەتە هاوشێوەی ئوممەتانی رابردوو بێت لە تەفرەقە و جیاوازییاندا ، وە لە وازهێنان لە فەرمان کردن بە چاکە و رێگری کردن لە خراپە ، دوای ئەوەی کە حەق و راستیان بۆ روون کرابویەوە))
.

- ئیمامی "جلال الدين السيوطي"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:

((**نهى الله أهل الإسلام أن يتفرقوا و يختلفوا كما تفرق واختلف أهل الكتاب** .....
وأخرج عبد بن حميد عن الحسن قال : كيف يصنع أهل هذه الأهواء الخبيثة بهذه الآية في آل عمران ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ﴾آل عمران: ١٠٥ قال : نبذوها ورب الكعبة وراء ظهورهم ))[2] .

واتە: ((**خودای گەورە قەدەغەی کردووە لە موسڵمانان کەوا تەفرەقە و جیاوازییان تێ بکەوێت وەکو چۆن ئەهلی کیتاب تەفرەقە و جیاوازییان تێ کەوت**.....

---

[1] تفسير ابن كثير (ج١/ص٣٩١).
[2] الدر المنثور (ج٢/ص٢٨٩).

(عبد بن حميد) لە حەسەنەوە گێڕاویەتیەوە کە حەسەنی بەصری فەرموویەتی: شوێنکەوتوانی ئەم هەواو ئارەزووە خراپانە چی لەم ئایەتە دەکەن کە لەسورەتی آل عمران دا هاتووە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ﴾آل عمران: ١٠٥، فەرمووی : سوێند بە پەروەردگاری کەعبە فڕێی دەدەنە پشتیانەوە و پشت گوێی دەخەن)).

- خاوەنی تەفسیری "التفسير الميسر" لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:

((أي : **ولا تكونوا -أيها المؤمنون- كأهل الكتاب الذين وقعت بينهم العداوة والبغضاء فتفرَّقوا شيعًا وأحزابًا**، واختلفوا في أصول دينهم من بعد أن اتضح لهم الحق، وأولئك مستحقون لعذابٍ عظيم موجع))[1]. ""

((واتە : ئەی ئیمانداران وەك ئەهلی کیتاب"گاور و جولەکە" مەبن، ئەوانەی کە دوژمنایەتی و رق و کینە کەوتە نێوانیانەوە، **بۆیە دابەش بوون بۆ چەند گروپ و حزبێك** ، وە جیاوازییان دروست کرد لە بنچینەی ئاینەکەیاندا ، دوای ئەوەی کە حەق و راستیان بۆ روون بویەوە ، بەمەش شایستەی سزایەکی گەورەی بەئێشن))

---

[1] التفسير الميسر - (ج ١ / ص ٤٠٤).

**بەڵگەی چوارەم:**

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾ الأنعام: ١٥٣

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە ڕێگای ڕاستی ڕوون کردووەتەوە پاشان فەرمانمان پێ دەکات کە شوێنی بکەوین ، وە هەروەها ڕێچکەی گومڕایی ڕوون کردووەتەوە "کەبریتیە لە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە خەڵکی دوور دەخەنەوە لە ئاینی ئیسلامی ڕاستەقینە" پاشان فەرمانمان پێ دەکات کە لێ ی بەدوور بین، چونکە هۆکارە بۆ گومڕایی و دوورکەوتنەوە لە ڕێگای خودا، وە ئەمەش ئامۆژگاری خودایە بۆ کەسانێك کە لە خودا بترسن.

**تەفسیری زانایان بۆ ئایەتەکە:**

- **ئیمامی** "ابن كثير"(رحمه الله) **لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:**

((يشير إلى الحديث الذي قال الإمام أحمد، وعبد بن حميد جميعا -واللفظ لأحمد: حدثنا عبد الله بن محمد -وهو أبو بكر بن أبي شيبة -أنبأنا أبو خالد الأحمر، عن مجالد، عن الشعبي، عن جابر قال: كنا جلوسًا عند النبي صلى الله عليه وسلم، فخط خطًا هكذا أمامه، فقال: "هذا سبيل الله". وخطين عن يمينه، وخطين عن شماله، وقال: "هذه سبيل الشيطان". ثم وضع يده في الخط الأوسط، ثم تلا هذه الآية: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ الأنعام: ١٥٣ ))[١].

**واتە: ((ئەم ئایەتە ئیشارەت دەکات بە فەرموودەیەك کە ئیمامی ئەحمەد و عەبدی کوڕی حومەید گێڕاویانەتەوە، وە لەفزەکە هی ئیمامی ئەحمەدە، کە دەفەرموون :** عبدالله**"ی کوڕی** "محمد" **کە** "أبو بكر بن أبي شيبة"**یە ، خەبەری پێ**

[١] تفسير ابن كثير (ج٢/ص١٩١).

**داوین لە** "أبو بكر الأحمر"**ەوە ، ئەویش لە** "مجاهد"**ەوە ، ئەویش لە** "الشعبي"**ەوە ، ئەویش لە** "جابر"**ەوە کە دەفەرموێت : ئێمە دانیشتبووین لای پێغەمبەر ﷺ ، بەم شێوەیە هێڵێکی راستی کێشا لە پێش خۆیدا و فەرمووی : ئەمە رێگای خودایە، وە دوو هێڵی کێشا لای راستی هێڵە راستەکەوە ، وە دوو هێڵیش لای چەپیەوە و فەرمووی : ئەمە رێگای شەیتانە، پاشان دەستی هێنا بەسەر هێڵی ناوەڕاست"هێڵە راستەکە" و ئەم ئایەتەی خوێندەوە:** ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ الأنعام: ١٥٣**(ئەمە ڕێگا راستەکەی منە ، دە ئێوەش ئەی ئیمانداران هەمیشە شوێنی بکەون و هەر بەو رێگایەدا بچن ، وە شوێنی رێچکەکانی تر مەکەون، کە بەهۆی ئەو رێچکانەوە لە شارێگەی خودا بترازێن و تەفرەقەتان تێبکەوێت ) )).**

- **شێخ** "محمد رشيد رضا"(رحمه الله) **لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:**

((**وقد أفرد الصراط المستقيم وهو سبيل الله ، وجمع السبل المخالفة له لأن الحق واحد والباطل ما خالفه وهو كثير فيشمل الأديان الباطلة من مخترعة وسماوية محرفة ومنسوخة والبدع والشبهات** ، وبها فسرها مجاهد هنا ، والمعاصي كما في حديث النواس بن سمعان وقد نهى عن التفرق في صراط الحق وسبيله ، فإن التفرق في الدين الواحد هو جعله مذاهب يتشيع لكل منها شيعة وحزب ينصرونه ويتعصبون له ، ويخطئون ما خالفه ، ويرمون أتباعه بالجهل والضلال ، أو الكفر أو الابتداع ، وذلك سبب لإضاعة الدين بترك طلب الحق المنزل فيه ، لأن كل شيعة فيما يؤيد مذهبها ويظهرها على مخالفيها ....

ولما كان اتباع الصراط المستقيم وعدم التفرق فيه هو الحق الموحد لأهل الحق الجامع لكلمتهم ، وتوحيدهم وجمع كلمتهم هو الحافظ للحق المؤيد له والمعز لأهله – كان التفرق فيه بما ذكر سببا لضعف المتفرقين وذلهم وضياع حقهم . فبهذا التفرق حل بأتباع الأنبياء السابقين ما حل من التخاذل والتقاتل والضعف وضياع الحق ، **وقد**

**اتبع المسلمون سننهم شبرا بشبر وذراعا بذراع حتى حل بهم من الضعف والهوان ما يتألمون منه ويتململون ولم يردعهم عن ذلك ما ورد في التحذير منه في كتاب الله تعالى وأحاديث رسوله صلى الله عليه وسلم وآثار الصحابة والتابعين ولا ما حل بهم من البلاء المبين ، ولم يبق بينهم وبين من قبلهم فرق إلا في أمرين : ( أحدهما ) حفظ القرآن من أدنى تغيير وأقل تحريف ، وضبط السنة النبوية بما لم يسبق له في أمة من الأمم نظير** . ( **وثانيهما** ) **وجود طائفة من أهل الحق في كل زمان تدعو إلى صراط الله وحده ، وتتبعه بالعمل والحجة ، كما بشر به صلى الله عليه وسلم** . **ولكن هؤلاء قد قلوا في القرون الأخيرة ، وكل صلاح وإصلاح في الإسلام متوقف على كثرتهم ، فنسأله تعالى أن يكثرهم في هذا الزمان ويجعلنا من أئمتهم فقد بلغ السيل الزبى** . روى ابن جرير في تفسيره عن ابن عباس في قوله : (فاتبعوه ولا تتبعوا السبل) وقوله : (أقيموا الدين ولا تتفرقوا فيه) (٤٢ : ٣) ونحو هذا في القرآن قال : أمر الله المؤمنين بالجماعة ، ونهاهم عن الاختلاف والفرقة ، وأخبرهم أنه إنما هلك من كان قبلهم بالمراء والخصومات))[1] .

واتە: (( لەم ئایەتەدا خودای گەورە ڕێگای ڕاستی بەتاك هێناوە كە ڕێگای خودایە، وە ڕێچكەكان كە پێچەوانەی ڕێگای ڕاستن بە كۆ هێناوە ، **چونكە حەق یەكە، وە باتڵ كە پێچەوانەیەتی زۆرە**؛ كە ئاینی باتڵی دروست كراو و ئاینە ئاسمانیە گۆڕاو و مەنسوخەكان و بیدعە و شوبەهات دەگرێتەوە....

وە خودای گەورە ڕێگری كردووە لە تەفرەقە لە ڕێگا و ڕێبازی حەقدا، **چونكە تەفرەقە لە یەك ئایندا ئەوەیە كە ئەو ئاینە بگیرێت بە چەند ڕێباز و مەزهەبێك ، كە هەریەكەیان خۆی بداتە پاڵ گروپ و حزبێك ، بەشێوەیەك حزب و گروپەكەی خۆی سەربخات و دەمارگیری بۆی هەبێت، وە ئەوەی سەرپێچی بكات بە هەڵەی بزانێت، وە شوێنكەوتوانی ڕێگای بەرامبەر تاوەنبار بكات بە نەزانی و گومڕایی ، یان بە كوفر یان بە بیدعە، وە ئەمەش هۆكارێكە بۆ لەناو چوونی**

---

[1] تفسير المنار - (٨ / ١٧٢-١٧٣).

**ئاین بەوەی خەڵك واز بهێنن لە بەدوادا گەڕانی حەق و راستی کە لە قورئاندا هاتووە**، چونکە هەر گروپ و حزبێك پشتگیری لە مەزهەب و ڕێبازی خۆی دەکات، وە هەوڵ دەدات سەری بخات بەسەر بەرامبەردا.

پاشان فەرمووی: لەکاتێکدا شوێنکەوتنی ڕێگای راست و نەبوونی جیاوازی تێیدا بریتیە لە راستیەکی یەکگرتووی ئەهلی حەق ، کە کۆکەرەوەی گفت و یەك کۆمەڵیانە، کە پارێزەر و یارمەتی دەری حەقە ، وە سەرخەری شوێنکەوتوانی حەقە، لەکاتێکدا جیاوازی و پەرتەوازەیی هۆکارە بۆ بێ هێزی و زەلیلی و دۆڕانی ئەهلی تەفرەقە. بەم تەفرەقەیە شوێنکەوتوانی پێغەمبەرانی پێشوو توشی زەلیلی و کوشتاری یەکتری و بێ هێزی و لەدەست دانی حەق بوون.

**بەڕاستی موسڵمانان شوێنی ڕێبازی میللەتانی پێش خۆیان کەوتن بست بە بست و هەنگاو بە هەنگاو ، هەتاوەکو تووشی بێ هێز و زەلیلی و سەرگەردانی بوون، وە ئەوەی لە قورئانەکەی خودا و سوننەتەکەی پێغەمبەرﷺ و ئەسەری صەحابە و تابعین دا هاتبوو ڕایانی نەچەڵەکان لەوەی وازبهێنن لە شوێنکەوتنی میللەتانی پێشوو لە تەفرەقە و پەرتەوازە بووندا، وە ئەوەی تووشی بوون لە بەڵایەکی روون بەهۆی شوێنکەوتنیان بۆ میللەتانی پێشوو بەهەمان شێوە ڕایانی نەچەڵەکان و بەئاگایانی نەهێناوە، بەمەش هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەمان و میللەتانی پێشوودا نەما تەنها لە دوو حاڵدا نەبێت:** یەکێکیان: پاراستنی قورئانە لە بچووکترین گوڕانکاری و کەمترین هەڵگەڕانەوە، وە پاراستنی سوننەتی پێغەمبەرەﷺ کە وێنەی ئەو جۆرە پاراستنە نەبووە لە ئاینی ئوممەتانی پێشوودا. دووەمیان : بوونی کۆمەڵێك لە ئەهلی حەق لە هەموو کاتێکدا کە خەڵکی بانگ دەکەن تەنها بۆ ڕێگای راستی خودا بەکردەوە و بەڵگە، وەکو چۆن پێغەمبەری خوداﷺ مژدەی داوە.

**ئیمامی** "ابن جرير الطبري" **لە تەفسیرەکەیدا ، لە تەفسیری ئایەتی** (فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ)، **وە ئایەتی** (أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ)، **وە هاوشێوەی ئەم**

ئایەتانە لە قورئاندا، لە "ابن عباس"ەوە ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: خودای گەورە فەرمانی کردووە بە ئیمانداران کە یەك کۆمەڵ بن، وە تەفرەقە و جیاوازی لێ قەدەغەکردوون، وە ئاگاداری کردوون کەوا ئوممەتانی پێش ئەوان لە ناوچوون بە هۆی دەمەقاڵە و ناکۆکی نێوانیانەوە)).

## بەڵگەی پێنچەم:

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ١٠٣ ﴾ آل عمران: ١٠٣

لەم ئایەتەدا خودای گەورە دوو نیعمەتی خۆی یادی ئیمانداران دەخاتەوە ، ئەو دوو نیعمەتەش بریتین لە:

یەکەم : ئەوان دوژمنی یەکتر بوون لە پێش ئیسلامدا بەڵام خوای گەورە بەهۆی نیعمەتی ئیسلامەوە کردنی بە برای یەکتری.

دووەم : ئەوان لە لێواری دۆزەخ بوون بەهۆی تاوان و کوفرەوە بەڵام خودای گەورە رزگاریانی کرد کاتێك کە موسڵمان بوون.

هەروەها خودای گەورە فەرمان دەکات بە موسڵمان بەوەی کە دەست بگرن بە دینی خوداوە ، وە نەکەن تەفرەقە و دابەشبوونیان تێ بکەوێت ، چونکە بە تەفرەقە و پەرتەوازە بوون تووشی ئەوە دەبەن کە لەپێش ئیسلامدا تووشی بوون لە دوژمنایەتی و کوشتاری یەکتری و گومڕا بوون لە دونیادا پاشان لە قیامەتدا سزا و تۆڵەسەندنەوەی خودا.

**تەفسیری زانایان بۆ ئایەتەکە:**

- **ئیمامی** "ابن جرير الطبري"(رحمه الله) **لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:**

((يريد بذلك تعالى ذكره: وتمسَّكوا بدين الله الذي أمركم به، وعهده الذي عَهده إليكم في كتابه إليكم، من الألفة والاجتماع على كلمة الحق، والتسليم لأمر الله))[1].

**واتە: (( خودای پایە بەرز مەبەستی لەم ئایەتە ئەوەیە کە دەست بگرن بەو ئاینەی خوداوە کە فەرمانی پێ کردوون دەستی پێوە بگرن، وە پەیوەست بن بەو بەڵێنەی کە لێ ی وەرگرتوون لەو پەرتووکەدا کەبۆی ناردوون، لە بوونی برایەتی و کۆبوونەوە لەسەر وشەی حەق و راستی ، وە ملکەچ بوون بۆ فەرمانی خودا))**

- **ئیمامی** "ابن كثير"(رحمه الله) **لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:**

(( وقوله: { وَلا تَفَرَّقُوا } **أمَرَهُم بالجماعة ونهاهم عن التفرقة**، وقد وردت الأحاديثُ المتعددة بالنهي عن التفرق والأمر بالإجتماع والإئتلاف.....
وقد ضُمِنتْ لهم العِصْمَةُ عند اتفاقهم، من الخطأ، كما وردت بذلك الأحاديث المتعددة أيضًا، وخِيفَ عليهم الافتراق، والاختلاف، **وقد وقع ذلك في هذه الأمة فافترقوا على ثلاث وسبعين فرقة، منها فرقة ناجية إلى الجنة ومُسَلمة من عذاب النار، وهم الذين على ما كان عليه رسولُ الله صلى الله عليه وسلم وأصحابه**))[2].

**واتە: ((ئەم فەرموودەیە { وَلا تَفَرَّقُوا }: لەم ئایەتەدا خودای گەورە فەرمان دەکات بە موسڵمانان بەوەی یەك کۆمەڵ و یەك جەماعەت بن ، وە رێگریان لێ دەکات لە تەفرەقە و دابەشبوون، وە زۆر فەرموودەی جۆرا و جۆر هاتووە**

---

[1] تفسير الطبري (ج٤/ص٣٠).

[2] تفسير ابن كثير (ج١/ص٣٩٠).

سـەبارەت بـە قەدەغـەکردنی تەفرەقـە و فـەرمان کـردن بـە یـەك کۆمـەڵی و یـەك دەنگی ...

وە خوای گەورە هەڵەنەکردنی بۆیان دەستەبەر کـردووە لـەکاتی یـەك کۆمەڵیانـدا، وەکو چۆن زۆر فەرموودەی جۆرا و جۆر هاتووە لـەم بارەیـەوە، وە خـوای گـەورە ترسـی دابەشـبوون و روودانـی جیـاوازی لەسـەریان هـەبووە، **وەکـو چـۆن ئـەم دابەشبوون و جیاوازییە لەم ئوممەتەدا روویدا، بۆیە دابەشبوون بۆ حەفتا و سێ گروپ ، یەکێکیان کۆمەڵی رزگاربووە بەرەو بەهەشت دەڕوات و پارێزراوە لە سزای ئاگری دۆزەخ، ئەو کۆمەڵەش ئەوانەن کە لەسەر ئەو رێبازەن کە پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی لەسەر بوون))**

- ئیمامی "القرطبي"(رحمه الله) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:

(( فإن الله تعالى يأمر بالألفة وينهى عن الفرقة فإن الفرقة هلكة والجماعة نجاة.

ورحم الله ابن المبارك حيث قال:

إن الجماعة حبل الله فاعتصموا ... منه بعروته الوثقى لمن دانا

قوله تعالى: {وَلَا تَفَرَّقُوا} **يعني في دينكم كما افترقت اليهود والنصارى في أديانهم))**[1].

واتە: (( بەڕاستی خوای پایەبەرز فەرمان دەکـات بـە یـەك دەنگـی و برایـەتی ، وە رێگری دەکـات لـە تەفرەقـە و جیـاوازی ، چـونکە تەفرەقـە لەناوچـوونە، وە یـەك دەنگـی و یـەك کۆمـەڵی رزگاربوونـە، رەحمـەتی خـوا لـە ئـیبن موبـارەك بێـت کـە فەرموویەتی :

بەراستی جەماعەت پەتی خوایە بۆیە دەستی پێوەبگرن.....

[1] تفسير القرطبي - (٤ / ١٥٩).

وە فەرموودەی پەروەردگار{وَلَا تَفَرَّقُوا} واتە ئەی موسڵمانان تەفرەقە و دابەشبوون دروست مەكەن لە ئاینەكەتاندا وەكو چۆن یەهود و نەصارا تەفرەقەیان دروست كرد لە ئاینەكەیاندا))

**٢- لە فەرموودە صەحیحەكاندا:**

**فەرموودەی یەكەم:**

"حذیفة"**ی كوڕی** "الیمان"( رضي الله عنه ) **دەفەرموێت:** (( كان الناس يسألون رسول الله صلى الله عليه وسلم عن الخير ، و كنت أسأله عن الشر مخافة أن يدركني ، فقلت : يا رسول الله ! إنا كنا في جاهلية و شر ، فجاءنا الله بهذا الخير [ فنحن فيه ] ، [ و جاء بك ] ، فهل بعد هذا الخير من شر [ كما كان قبله ؟ ] . [ قال : " يا حذيفة تعلم كتاب الله و اتبع ما فيه ، ( ثلاث مرات ) " . قال : قلت : يا رسول الله ! أبعد هذا الشر من خير ؟ ] . قال : " نعم . [ قلت : فما العصمة منه ؟ قال : " السيف " ] . قلت : و هل بعد ذلك الشر من خير ؟ ( و في طريق : قلت : و هل بعد السيف بقية ؟ ) قال : " نعم ، و فيه ( و في طريق : تكون إمارة ( و في لفظ : جماعة ) على أقذاء ، و هدنة على ) دخن " . قلت : و ما دخنه ؟ قال : " قوم ( و في طريق أخرى : يكون بعدي أئمة [ يستنون بغير سنتي و ] ، يهدون بغير هديي ، تعرف منهم و تنكر ، [ و سيقوم فيهم رجال قلوبهم قلوب الشياطين ، في جثمان إنس ]" . ( و في أخرى : الهدنة على دخن ما هي ؟ قال : " لا ترجع قلوب أقوام على الذي كانت عليه " ) . قلت : فهل بعد ذلك الخير من شر ؟ قال : " نعم ، [ فتنة عمياء صماء ، عليها ] دعاة على أبواب جهنم ، من أجابهم إليها قذفوه فيها " . قلت : يا رسول الله ! صفهم لنا . قال : " هم من جلدتنا ، و يتكلمون بألسنتنا " . قلت : [يا رسول الله ! ] فما تأمرني إن أدركني ذلك ؟ قال : " تلتزم جماعة المسلمين و إمامهم ، [ تسمع و تطيع الأمير و إن ضرب ظهرك و أخذ مالك ، فاسمع و أطع ] " . قلت : فإن لم يكن لهم جماعة و لا إمام ؟ **قال : " فاعتزل تلك الفرق كلها ، و لو أن تعض**

**بأصل شجرة ، حتى يدركك الموت و أنت على ذلك "** . ( **و في طريق** ) : **" فإن تمت يا حذيفة و أنت عاض على جذل خير لك من أن تتبع أحدا منهم "** . ( و في أخرى ) : **"** فإن رأيت يومئذ لله عز وجل في الأرض خليفة ، فالزمه و إن ضرب ظهرك و أخذ مالك ، فإن لم تر خليفة فاهرب [ في الأرض ] حتى يدركك الموت و أنت عاض على جذل شجرة " . [ قال : قلت : ثم ماذا ؟ قال : " ثم يخرج الدجال " . قال : قلت : فبم يجيء ؟ قال : " بنهر – أو قال : ماء و نار – فمن دخل نهره حط أجره و وجب وزره ، و من دخل ناره وجب أجره و حط وزره " . [ قلت : يا رسول الله : فما بعد الدجال ؟ قال : " عيسى ابن مريم " ] . قال : قلت : ثم ماذا ؟ قال : " لو أنتجت فرسا لم تركب فلوها حتى تقوم الساعة " ][1] .

**واتە: ((خەڵكی پرسیاریان دەكرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی خێر و چاكە، بەڵام من پرسیاری شەڕ و خراپەم لێ دەكرد لە ترسی ئەوەی پێم بگات، بۆیە ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لەناو نەفامی و شەڕ و خراپەدا بووین پاشان خودا ئەم خێرەی هێنا كە ئێمە تێیداین و تۆشی هێنا بۆمان ، ئایا دوای ئەم خێرە شەڕ و خراپە هەیە وەك چۆن لە پێشدا هەبوو؟**

**پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ئەی** حذيفة **فێری كتێبەكەی خوا ببە و شوێنی ئەوەش بكەوە كە تێیدایە (سێ جار)**

**وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا دوای ئەم خێرە شەڕ و خراپە هەیە ؟**

**فەرمووی : بەڵێ.**

**وتم : چی دەتپارێزێت لێ ی؟**

**فەرمووی : شمشێر.**

---

[1] أخرجه البخاري ( ٣٦٠٦ و ٧٠٨٤ ) و مسلم ( ٦ / ٢٠ ) و أبو عوانة ( ٥ / ٥٧٤ – ٥٧٦ ) و الطبراني في " مسند الشاميين " ( ص ١٠٩ / ١ ) ، نظر سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٥٣٩/٦-٥٤١).

وتم : وە ئایا دوای ئەو شەڕ و خراپەیە خێر و چاكە هەیە، ( لە ڕێگایەكی تردا هاتووە: وتم : ئایا دوای شمشێرەكە ئیسلام و خێر دەمێنێت)؟

فەرمووی : بەڵێ، بەڵام خەڵت و لێڵی تێدایە.

وتم : ئەی خەڵتەكەی چی یە؟

فەرمووی: خەڵكانێك دەبێت لەسەر بەرنامە و ئاكاری من ناڕۆن ، چاكە و خراپەشیان لێ دەبینیت.

وتم : ئایا دوای ئەو خێرە شەڕ هەیە؟

فەرمووی: بەڵێ ، بانگەوازكارانێك كە لەسەر دەرگاكانی دۆزەخ ڕاوەستاون ، هەركەسێك وەڵامیان بداتەوە ئەوە فڕێی دەدەنە ناویەوە.

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفیان بكە بۆمان؟

فەرمووی : ئەوانە لە پێستی خۆماندان و بەزمانی خۆمان قسە دەكەن.

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە چ شتێك فەرمانم پێ دەكەیت ئەگەر گەیشتم بەو سەردەمە؟

فەرمووی : پەیوەست ببە بە كۆمەڵی موسڵمانان و پێشەواكەیانەوە.

وتم: ئەی ئەگەر موسڵمانان نەكۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا؟

**فەرمووی: دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرەقانەی ئەو سەردەمە، ئەگەر بە قەپ گرتنیشت بێت بە ڕەگی درەختێكدا، تاوەكو مردن پێت دەگات تۆ هەر لەسەر ئەوە بە.**

(**وە لە ریوایەتێكی تردا** ) **: ئەگەر تۆ بمریت ئەی** "حذیفة"**، وە قەپت گرتبێت لە دارێك ئەوە باشترە بۆت لەوەی شوێنی هیچ یەكێك لەو فیرەقانە بكەویت**.......... ))

**شەرحی زانایان بۆ فەرموودەكە :**

- ئیمامی "ابن جریر الطبري"(رحمه الله)سەبارەت بەم فەرموودەیە دەفەرموێت :

**(وفي الحديث أنه متى لم يكن للناس إمام فافترق الناس أحزاباً ، فلا يتبع أحداً في الفرقة و يعتزل الجميع إن استطاع ذلك خشية من الوقوع في الشر )**[(١)]

واتە: **" ئەم فەرموودەیە ئەوەی لێ وەردەگیرێت کەوا کاتێك خەڵکی پێشەوایان نەبوو، وە دابەش بوون بو چەند گروپ و حزبێك ، ئەوە پێویستە شوێنی هیچ کام لەم حزبانە نەکەویت، بەڵکو ئەگەر توانیت واز لەهەموویان بهێنیت، لەترسی ئەوەی نەوەکو بکەویتە ناو شەڕ و خراپەوە"**

- شێخ ئەلبانی(رحمه الله) لە پەرتووکی "السلسلة الصحيحة ج٦/ص٥٤" لەژێر ناونیشانی **"لا فرق و لا أحزاب في الإسلام وإنما جماعة و خليفة"**سەبارەت بەم فەرموودەیە دەفەرموێت:

(( قلت : هذا حديث عظيم الشأن من أعلام نبوته صلى الله عليه وسلم و نصحه لأمته ، **ما أحوج المسلمين إليه للخلاص من الفرقة و الحزبية التي فرقت جمعهم ، و شتت شملهم ، و أذهبت شوكتهم** ، فكان ذلك من أسباب تمكن العدو منهم ، مصداق قوله تبارك و تعالى : ﴿وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ﴾الأنفال: ٤٦ ))

واتە: ((دەڵێم ئەمە فەرموودەیەکی بەسوود و پلە و پایە گەورەیە، یەکێکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ ، وە ئامۆژگارییەکی گەورەیە بۆ ئوممەتەکەی، ئاخۆ موسڵمانان چەندێك پێویستیان پێیەتی بۆ رزگاربوون لە تەفرەقە و حزبایەتی، کە یەك کۆمەڵی موسڵمانانی تێکداوە و شیرازەیانی بچراندووە و هێز و توانایانی نەهێشتووە، وە ئەمەش هۆکاری زاڵبوونی دوژمنانە بەسەریاندا، راستێتی ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەی روون کردووەتەوە کە دەفەرموێت: : ﴿وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ﴾: ئاگادار بن ناکۆکی و

(١) كما في الفتح الباري ٣٧/١٣

دووبەرەكیتان تێ نەكەوێت ، چی تر سەرناكەون و هەرەس دێنن و تواناتان نامێنێت)).

**فەرموودەی دووەم:**

**پێغەمبەری خوداﷺ دەفەرموێت:**(إفترقت اليهود على إحدى و سبعين فرقة و افترقت النصارى على اثنتين و سبعين فرقة، و ستفترق أمتي على ثلاث و سبعين فرقة **كلها في النار إلا واحدة** ، قالوا من هي يا رسول الله ﷺ ؟ **قال** : من كان على مثل ما أنا عليه و أصحابي ) وفي رواية اخرى (هم الجماعة)[١].

**واتە: ((جولەكە دابەشبوون بۆ حەفتاویەك بەش، وە گاورەكان دابەش بوون بۆ حەفتاودوو بەش، وە ئوممەتەكەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ بەش[٢] هەمووی**

---

[١] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : ١٤٩٢.

[٢] ئیمامی"القرطبي" سەبارەت بەوەی كە ئوممەتی پێغەمبەرﷺ حەفتاو سێ فیرقەن بەڵام ئوممەتانی تر حەفتا و یەك یان حەفتا و دوو فیرقەن، واتە ئوممەتی پێغەمبەر گروپێكی زیاترە لە ئوممەتانی تر، لەم بارەیەوە دەفەرموێت: « وقد قال بعض العلماء العارفين هذه الفرقة التي زادت في فرق أمة محمد صلى الله عليه وسلم **هم قوم يعادون العلماء ويبغضون الفقهاء ولم يكن ذلك قط في الأمم السالفة** »أ.هـ تفسير القرطبي ج٧/ص١٤١

واتە: " هەندێك لە زانایان دەفەرموون: ئەو گروپەی كە زیادی كرد لە فیرقە گومڕاكانی ئوممەتی موحەممەد داﷺ ئەوانەن كە دژایەتی زانایان دەكەن و رقیان لە فەقیهەكانە ، كە ئەم جۆرە هەرگیز لە ناو ئوممەتانی پێشوتردا نەبووە*"

*چونكە ئوممەتانی پێش ئیسلام كاتێك موسڵمان دەبوون ، چی تر دژایەتی زاناكانیان نەدەكرد، بەڵكو هەندێ جار زیادەڕەوییان لە زانایاندا دەكرد، تاوەكو ئەوەی پەنا بەخوا كار دەگەیشتە ئەوەی بیان پەرستن، وەكو خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ﴾ التوبة: ٣١ ، بەڵام لە نێو گروپە ئیسلامیەكانی ئوممەتی پێغەمبەرداﷺ هەیە قسە بەزانایان دەكات، كە ئەمڕۆش لە ڕۆژگاری ئێمەدا زۆرن ئەو جۆرە كەسانە. (م.صلاح الدين).

بۆ ئاگرە تەنها یەك كۆمەڵ نەبێت ، وتیان ئەو كۆمەڵە كێیە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی : ئەوانەن لەسەر وێنەی ئەو ڕێبازەن كەمن و هاوەڵانمی لەسەرە، وە لەگێڕانەوەیەكی تردا فەرمووی : ئەوانەن كە جەماعەتن))[١].

**شەرحی زانایان بۆ فەرموودەكە :**

- شێخ ئەلبانی(رحمه الله) سەبارەت بەم فەرموودەیە دەفەرموێت:

**((الحقيقة هذا الحديث حديث الفرق ينبغي أن يكون منهج كل مسلم خاصة في هذا الزمن التي كثر فيه الجماعات و الفرق وكل فرقةٍ منها تدعي أنها على الحق ))**[٢].

واتە: **((لە راستیدا ئەم فەرموودەیە (فەرموودەی حزبەكان) پێویستە ببێتە مەنهەجی هەموو موسڵمانێك بەتایبەت لەم سەردەمەدا كەوا كۆمەڵ و گروپ و حزب زۆر بووە، وە هەموو گروپێك لەو گروپانە بانگەشەی ئەوە دەكات كە خۆی لەسەر حەقە))**

---

[١] هەندێ كەس واگومان دەبەن ئەو گروپانەی كە پێغەمبەرﷺ بە گومڕا لە قەڵەمیانی داوە و فەرموویەتی : "هەموویان بۆ ناو ئاگرن" ئەو گروپانەن كە كافرن ، وە گروپە ئیسلامیەكان ناگرێتەوە ! !، بەڵام لەراستیدا وانیە، چونكە پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: "ئوممەتەكەم دابەش دەبێت بۆ حەفتا و سێ بەش"، كەواتە ئەوانەی كە گومڕابوونە لەهەمان كاتدا ئوممەتی ئەون، كەوابوو كافران ناگرێتەوە، چونكە گروپە كافرەكان ئوممەتی ئەو نین، وەكو ئیمامی "الخطابي"رحمه الله دەفەرموێت: « قوله ستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة، **فيه دلالة على أن هذه الفرق كلها غير خارجين من الدين إذ النبي صلى الله عليه وسلم جعلهم كلهم من أمته »**. سنن البيهقي الكبرى ج١٠/ص٢٠٨

[٢] سلسلة الهدى و النور" شريط رقم ٧٠٥ الوجه أ البداية.

**فەرموودەی سێهەم :**

**پێغەمبەری خوا** ﷺ دەفەرموێت:"قد تركتكم على البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها بعدي إلا هالك و من يعش منكم **فسيرى اختلافا كثيرا** ، فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين عضوا عليها بالنواجذ "[1].

واتە: ((بە جێتانم هێشتووە لەسەر بەرنامە و دینێکی روون و ئاشکرا ، شەوی وەکو رۆژی رووناکە، هیچ کەسێك لیٚ ی لا نادات لەپاش من تەنها کەسێك نەبێت کە بەهیلاکدا چوو بێت ، وە هەر کەسێك لە ئێوە ئەگەر بژێت **ئەوا جیاوازییەکی زۆر دەبینێت، ئەو کاتە پێویستە دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە هیدایەت دەرە ڕاستەکانمەوە، دەستی پێوە بگرن و قە پی لیٚ بگرن بە کاکیلەکانتان**)).

**شەرحی زانایانی بۆ فەرموودەکە :**

- ئیمامی"ابن رجب"(رحمه الله) سەبارەت بەم فەرموودەیە دەفەرموێت:

(وقوله صلى الله عليه وسلم فإنه من يعش منكم بعدي فسيرى اختلافا كثيرا فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي عضوا عليها بالنواجذ **هذا إخبار منه صلى الله عليه وسلم بما وقع في أمته بعده من كثرة الاختلاف في أصول الدين وفروعه وفي الأعمال والأقوال والاعتقادات وهذا موافق لما روي عنه من افتراق أمته على بضع وسبعين فرقة وأنها كلها في النار إلا فرقة واحدة وهي ما كان عليه وأصحابه ولذلك في هذا الحديث أمر عند الافتراق والاختلاف بالتمسك بسنته وسنة الخلفاء الراشدين من بعده والسنة هي الطريق المسلوك فيشمل ذلك التمسك بما كان عليه هو وخلفاؤه الراشدون من الاعتقادات والأعمال والأقوال** وهذه هي السنة الكاملة ولهذا كان السلف قديما لا يطلقون اسم السنة إلا على ما يشمل ذلك كله وروي معنى ذلك عن الحسن والأوزاعي والفضيل بن عياض

[1] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : ٩٣٧.

وكثير من العلماء المتأخرين يخص اسم السنة بما يتعلق بالاعتقاد إلا أنها أصل الدين والمخالف فيها على خطر عظيم)[1]

واتە: (( ئەو وتەیەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرموێت: "بەڕاستی هەر کەسێك لە ئێوە ئەگەر لە دوای من بژێت ئەوا جیاوازییەکی زۆر دەبینێت، ئەو کاتە پێویستە دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە هیدایەتدەرە ڕاستەکانمەوە، دەستی پێوە بگرن و قەپی لێ بگرن بە کاکیلەکانتان" ئەمە هاواڵێکە لە پێغەمبەرەوەﷺ، بەوەی کە روویدا لە ئوممەتەکەیدا دوای خۆی لە زۆری جیاوازی و ناکۆکی لە بنچینەی ئاین و بەشەکانیدا، وە لە کردەوە و وتە و بیروباوەڕدا، وە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەو ئەو فەرموودەی کە ریوایەت کراوە لێ یەوە سەبارەت بە دابەشبوونی ئوممەتەکەی بۆ حەفتا و هەندێ بەش کە هەموو ئەو فیرەقانە بۆ ناو ئاگرە تەنها یەکێکیان نەبێت، کە کۆمەڵەش ئەوانەن لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانن.

**بۆیە لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوداﷺ لەکاتی تەفرەقە و جیاوازیدا فەرمانی کردووە بە دەست گرتن بە سوننەتی خۆی و سوننەتی خەلیفە راشدینەکانی دوای خۆیەوە،** وە سوننەت ئەو ڕێگایەیە کە گیراوەتەبەر"لەلایەن ئەهلی سوننەوە"، کە بریتیە لە دەست گرتن بەوەی کە پێغەمبەرﷺ خۆی و خەلیفەکانی راشدینی لەسەر بوون لە بوارەکانی بیروباوەڕ و کردەوە و گوفتاردا. ئا ئەمەش سوننەت و شوێنکەوتنێکی تەواوە بۆ پێغەمبەرﷺ، بۆیە سەلەف لە کۆندا ناوی سوننەتیان بەشێوەیەکی رەها بەکار نەدەهێنا تەنها بەشێوەیەك نەبێت کە هەموو ئەمانە لەخۆ بگرێت"کە بیروباوەڕ و کردەوە و گوفتارە"، وە مانای ئەمەش لە ئیمامی "حسن البصري"و "الأوزاعي"و "الفضيل بن عياض" ریوایەت کراوە.

[1] جامع العلوم والحكم ج١/ص٢٦٣

زۆرێك لە زانایانی پاشین"المتأخرين" ناوی سوننەتیان تایبەت كردووە بە بوارەكانی عەقیدەوە، لەبەر ئەوەی كە عەقیدە بنەمای ئاینە، وە ئەوەی دژوار و نا قایل بێت بەو ڕێگایە ئەوە لەسەر لێواری تیاچوون و فەوتانێكی گەورە دایە))

- ئیمامی ئەحمەد(رحمه الله) دەفەرموێت:

( أصول السنة عندنا التمسك بما كان عليه أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم والاقتداء بهم وترك البدع)[1]

واتە: ((بنچینەی سوننەت لای ئێمەی ئەهلی سوننە بریتیە لە دەست گرتن و پەیوەست بوون بەو ڕێبازەوە كە هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەسەری بوون، وە وازهێنان لە بیدعە)).

- "أبو العالية"(رحمه الله) دەفەرموێت:

( عليكم بالأمر الأول الذي كانوا عليه قبل أن يفترقوا)[2].

واتە: ((دەست بگرن بەو بەرنامەیەوە كە هاوەڵان و سەلەف لەسەری بوون پێش ئەوەی تەفرەقە لە ئوممەتی ئیسلامیدا ڕوو بدات)).

**فەرموودەی چوارەم:**

پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: "إِنَّ اللهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلاثًا، وَيَسْخَطُ لَكُمْ ثَلاثًا، يَرْضى لَكُمْ: أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، **وأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعًا وَلا تَفَرَّقُوا**، وأَنْ تُنَاصِحُوا مَنْ وَلاهُ اللهُ أَمْرَكُمْ؛ وَيَسْخَطُ لَكُمْ ثَلاثًا: قِيلَ وَقَالَ، وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ، وإِضَاعَةَ الْمَالِ"[3]

---

[1] أصول السنة (ج١/ص١٤).

[2] تلبيس إبليس (ج١/ص١٦).

[3] رواه مسلم في كتاب الأقضية (١٧١٥) من حديث أبي هريرة.

واتە: (( خودای گەورە لێتان رازی دەبێت بەسێ کردار ، وە بەسێ کرداریش لێتان تورە دەبێت، لێتان رازی دەبێت بەوەی کە تەنها ئەو بپەرستن و هیچ شتێك نەکەن بە شەریکی ، **وە بەوەی کە هەمووتان دەست بگرن بە ئاینی خوداوە و تەفرەقە و پەرتەوازە نەبن**، وە گوێرایەڵی ئەو کەسە بکەن کە خودای گەورە کردوویەتی بە فەرمانرەواتان ، وە تورە دەبێت بە سێ کردار : بە وتە وتە و زۆر پرسیارکردن و بەفیڕۆدانی ماڵ وسامان))

**شەرحی زانایان بۆ فەرموودەکە :**

- ئیمامی "النووي"(رحمه الله) لەشەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت:

((وأما الاعتصام بحبل الله فهو التمسك بعهده وهو اتباع كتابه العزيز وحدوده والتأدب بأدبه والحبل يطلق على العهد وعلى الأمان وعلى الوصلة وعلى السبب وأصله من استعمال العرب الحبل في مثل هذه الأمور لاستمساكهم بالحبل عند شدائد أمورهم ويوصلون بها المتفرق فاستعير إسم الحبل لهذه الأمور، **وأما قوله صلى الله عليه و سلم ولا تفرقوا فهو أمر بلزوم جماعة المسلمين وتألف بعضهم ببعض وهذه احدى قواعد الإسلام**))[1].

واتە: ((بەڵام دەست گرتن بە "حبل"ی خوداوە واتە دەست گرتن و پەیوەست بوون بە پەیمانەکەیەوە کە شوێن کەوتنی پەرتوکەکەی و رەچاوکردنی سنوری پەروەردگار و جێ بەجێ کردنی رەوشت و ئاکارەکانی ئیسلامە.....

بەڵام ئەو وتەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت : **"ولا تفرقوا"** ئەوە فەرمانێکە بۆ موسڵمانان بەوەی کە پەیوەست بوون بە یەك کۆمەڵی و جەماعەتی موسڵمانانەوە ، وە هۆگری یەکتر بن ، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی ئیسلام.

[1] شرح النووي على مسلم - (١٢ / ١١).

**فەرموودەی پێنجەم:**

عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود ﷺ دەفەرموێت: گوێم لە پیاوێك بوو بەشێوەیەك ئایەتێكی دەخوێندەوە، بەڵام پێشتر گوێم لە پێغەمبەری خوا بووﷺ بەشێوەیەكی تر ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە، بۆیە بوو بە دەمەقاڵەمان لەسەر شێوەی خوێندنەوەی ئایەتەكە، پاشان كابرام برد بۆ لای پێغەمبەرﷺ، وە پێغەمبەرمﷺ ئاگادار كردەوە بە رووداوەكە، لەو كاتەدا بەدەم و چاویدا زانیم پێی ناخۆشە، پاشان فەرمووی:

«كِلَاكُمَا مُحْسِنٌ، **ولا تَخْتَلِفُوا فإن من كان قَبْلَكُمْ اخْتَلَفُوا فَهَلَكُوا**»[1]

واتە: (( هەردووكتان چاكەكارن ، **با جیاوای نەكەوێتە نێوانتانەوە، چونكە بەڕاستی ئەوانەی پێش ئێوە جیاوازی و ناكۆكی كەوتە نێوانیانەوە ، بۆیە بەهیلاكدا چوون**[2]))

- زانای پایە بەرز "ابن حجر العسقلاني"(رحمه الله) سەبارەت بەم فەرموودەیە دەفەرموێت:

«وفي هذا الحديث والذي قبله الحض على الجماعة والالفة والتحذير من الفرقة والاختلاف والنهي عن المراء في القرآن بغير حق»[3]

واتە: (( ئەم فەرموودەیە و ئەو فەرموودەیەی پێش ئەمە، هانی موسڵمانان دەدات لەسەر جەماعەت و برایەتی، وە ئاگاداریان دەكاتەوە لە تەفرەقە و جیاوازی، وە ڕێ گریان لێ دەكات لە دەمەقاڵە و ناكۆكی لە قورئاندا بە ناحەق))

---

[1] صحيح البخاري ج٣/ص١٢٨٢

[2] جا ئەگەر ئەمە لەكاتێكدا بێت كە عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود ﷺ و كەسێكی تر لەخوێندنەوەی قورئاندا جیاواز بن، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەرﷺ بەم شێوازە ئاگاداریان بكاتەوە و هەڕەشەیان لێ بكات ، ئەی ئەم هەموو حزب و كۆمەڵ و فیرقەیەی كە ئەمڕۆ هەیە، كە زۆر لەیەك جیاواز و دژ بەیەكن، بەڵكو زۆر جار دەستیان چۆتە خوێنی یەكتری و یەكتریان كوشتووە، ئەمە چۆن حەرام و قەدەغە نی یە لە دینی خوای گەورەدا؟!.(م.صلاح الدين).

[3] فتح الباري ج٩/ص١٠٢

**فەرموودەی شەشەم :**

"أبو ثعلبة الخُشني"ﷺ دەفەرموێت: هاوەڵان ئەگەر لەشوێنێکدا بیاندایەوە لە سەفەردا ئەوە بڵاوەیان دەکرد بە دۆڵ و شیوەکاندا، بۆیە پێغەمبەری خوداﷺ ڕۆژێکیان فەرمووی: «**إِنَّ تَفَرُّقَكُمْ فِي هَذِهِ الشِّعَابِ وَالأَوْدِيَةِ إِنَّمَا ذَلِكُمْ مِنَ الشَّيْطَانِ**»[1]

واتە: "**ئەو بڵاوەکردنەی ئێوە لەم دۆڵ و شیوانەدا لە شەیتانەوەیە**[2]"

---

[1] سنن أبي داود ج٣/ص٤١، وقال الألباني : إسناده صحيح، وصححه ابن حبان والحاكم والذهبي، أنظر صحيح أبي داود (٧ / ٣٧٨).

[2] ئەمە لە کاتێکدا کە هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوونﷺ، وە بۆ یەکێك لە غەزاکان دەرچوو بوون، بەڵام تەنها لەکاتی دانیشتنیاندا بە بڵاوی و بەش بەش دانیشت بوون، بەبێ ئەوەی هیچ کێشە و ناکۆکی و جیاوازی بیروبۆچونیان هەبێت، بەڵام پێغەمبەرﷺ پێی فەرمووون: "ئەم بەش بەش بوون و پارچە پارچە بوونەتان **لە شەیتانەوەیە**"، ئاوەها دەفەرموێت بەرامبەر ئەم دابەشبوونە رووالەتیە ! !، ئەی ئەبێت ئەم هەموو حزب و گروپ و فیرقە لێك جیاواز و جۆرا و جۆرەی ئەمڕۆ، کە هەریەکە بیروباوەڕێك و مەنهەجێکی هەیە جیاواز لەوی تر لە بنەڕەت و بنەمای سەرەکی دا، **لە کێ وە بێت**؟! !

تۆ بڵێی بە ئامادەبوونی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی خوا لێ رازی بوو، وە لە کاتی دەرچوون بۆ جیهاد و غەزای کافران بۆ بەرزی وشەی خوا و سەرخستنی دینەکەی ، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوەتە خواز بوون بە شەهید بوون لە رێگاکەیدا، بەڵام تەنها لە رۆیشتندا بەش بەش رۆیشتنیان لە شەیتانەوە بێت، بەڵام لەم سەردەمەدا بوونی دەیان حیزب و فیرقە بەناو ئیسلامەوە ! !، کە بیروباوەر و مەنهەج و بەرنامە و پەیرەویان لێك جیاوازە، وە هەرکەسێك تەنها خۆی پێ راستە و ئەوی تری پێ گومڕا و سەر لێ شێواوە، بگرە هەندێ جار پێی کافرە، ئایا تۆ بڵێی لە رەحمانەوە بێت و خوا فەرمانی بەم شتە کردبێت؟! ! ! سبحانك هذا بهتان عظيم.

بۆیە پاش ئەم ئامۆژگارییەی پێغەمبەرﷺ هاوەڵانﷺ ئەو کارەیان دووبارە نەکردەوە، بەڵکو هەموو کات یەك ریز و یەك کۆمەڵ بوون لە رێگا و بانیشدا. کەوابوو ئایا ئەوەی هاوەڵان تەواوە"لەیەك ریزی و برایەتی" یان ئەو پارچە پارچەیی و جیاوازی و حزب حزبێنەی ئەمڕۆ کە بەناوی ئیسلامەوە دەکرێت؟؟! .(م.صلاح الدين)

**بۆیە** "أبو ثعلبة الخشني" **دەفەرموێت:** «فَلَمْ يَنْزِلُوا بَعْدُ مَنْزِلاً إِلا انْضَمَّ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ حَتَّى لَوْ بُسِطَ عَلَيْهِمْ ثَوْبٌ لَعَمَّهُمْ»

**واتە: " بۆیە هیچ کات صەحابە دوای ئەم ئامۆژگارییەی پێغەمبەرﷺ دانەدەنیشتن لە هیچ شوێنێکدا ئیلا بەشێوەیەك نەبێت کە هەموویان دەچوونە پاڵی یەکتری تاوەکو پارچە قوماشێکت هەڵدایەتە سەریان ئەوە هەموویانی دەگرتەوە و هەموویان دەکەوتنە ژێری و بەشیانی دەکرد"**